# خەونەك بۆ ئەڤرو كە ب جھ هات



نصر الدين محمد سليم*

گومان تێدا نینە ئەڤروكە سەردەمێ ب كارئینانا نویترین ئامێرێن ڕاگەهاندنێ و گەهاندنێ نە كو ب زویترین دەم مەرەما مروڤی بڤێت ب گەهیتە جھێ مەرەم پێ. دیسان دەم دەمێ دەربرینا هزروبیرا نە ب شێوەیەكێ دیموكراسی و ئازادانە ل دیف بنەماێن یاسایا جیهانی و بریندار نەكرنا چ هەستو بیرا ب ئەنقەست. دێ بێژینەڤە كو دەم دەمێ ئاڤاكرنا كۆمەلگەهـ و مللەتێن دیموكراسی نە و دناڤا ڤان جڤاكادا سەرهلدانا توویژو جڤاكێن سڤیل و داموو دەزگەهانە و هەر ئێك ب ڕێكا خو ل دیف ڕێك و سیستەمێ بو تێتە دانا بەرەڤانیێ ژتویژو جڤاكو دەزگەهێ خو بكەتو ئێشو ئازارێن خو ب گەهینتە جهێن پەیوەندیدار. پێ نەهێت ئەڤێ چەندێ پێتڤی ب دەزگەهەكێ گەهاندنێ هەیە چ (تی ڤی یان گوڤار یان... هتد) وەكو زمان حال مەرەمێ بگەهینیت. گوڤارا قەشەنگو جوان (توانا) ئەڤروكە كەفتە دقاتا خەباتا ڕاگەهاندنێ دا مل ب ملی دەیان گوڤارو ڕۆژنامێن دی یاكو ئەڤە چەندن سالە خەون پێڤە دهاتنە دیتن. لێ ئەركو كارێ (توانا) دبیت جیاوازترو قورسترو تا دشێین بێژین پیرۆزتربیت ژ گەلەكانێن دی چونكە (توانا) ئەركێ چەند ڕێكخراوێن كو ئەندامێن وان (خودان پێداویستیێن تایبەتن) دجڤاكی دا ئانكو دشێین بێژین (كێم ئەندامن) ب ستوڤە گرتیە. پێ نەهێت داخازو پێتڤی و ئارەزوو ئێشو ئازارێن ڤان جورە كەسا دێ زێدترو قورستر بن ژ كەسانێن دیێ دهەمان دەم دا دێ ئەركێ (توانا) ژی ل دیف ئێشو ئازارێن وان بیت. ژكارو ئارمانجێن دی یێن پیروز یێن (توانا) ئەوە كو وەكی چادرەكێ یە ئەڤ چەند كومەلێن پەیەندی پێكڤە هەینو یەك ئێشو ئازارو یەك ئامانج هەین دبن ڤ كومبونە وەكی (كومەلا ژینو نابینایانو كورتە بالاو تالاسیمیاو كەرولالان و مافی بیر كولان و توش بوییێن شەكرێ) كو پالدەرەكە پتر ئەڤ كومەلە خو پێكڤە ماندی بكەن ژبو خزمەتا ئەندامێن خو. ڤێ جارێ یا مای بێژین دەست خوشیێ ل هەر كەسەكی دكەین یێن پێنگاڤ هاڤێتین بو ڤی كارێ پیروزو تاكو نوكە دبەردەوام. داخازا بەردەوامیێو پێشكەفتنێ بو دخازینو هیڤیدارین جهێ ڕەزامەندیا ئەندامێن توێژێن خو بیت و ب ڕاستی ب سەلمینیت كو (توانا)یە بو گەهاندنا هەر ئێشو ئازارەكێو دهەمان دەمدا داخازێ ژ پەككەفتیێن خودان هزرو بیرو شیان دكەین پشتەڤان بن. دیسان ئەم وەكو پەككەفتیو پێتڤی ب هاریكاریا هەمی لایەكی داخازێ ژكەسانێن بسپۆرو دەولەمەندو شارەزاێن مللەتێ خو هە ئێك دبوارێ خودا دەستێ هاریكاریێو پشتەڤانیێ بو (توانا) درێژ بكەت چونكە هاتیە گوتن (دەستێ تنێ دەنگ ژێ ناهێت).

* سەرۆكێ كۆمەلا ژین- لقێ دهوك

## كێ ڕەشبینمان دەكات؟

محمد زرار مولود

ڕەشبینی ئەم نەخۆشیە دەرونیە كە زۆر جار دووچاری مرۆڤ دەبێ بەتایبەتی چینی هەرزەكاران. ئەمەش چەندین هۆكار هەن كە مرۆڤ دووچاری ئەم بارودۆخە خراپەی دەكات لەوانەش هۆكاری كۆمەڵایەتی ڕەشبینی لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی تر جیاوازە. بەڵام مرۆڤی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەكان زیاتر ڕەشبینی دەیانگرێتەوە ئەمەش زۆربەی كات كۆمەڵگا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە سەرهەڵدانی ئەم بارودۆخە. بۆیە كاتێ كۆمەڵگا بەپێی پێویست ڕێزی لە هەست و نەستەكانیان نەگرت. بە چاوێكی خراپ سەیری كردن، ئەم ڕەفتارانە لەگەڵ هەرتاكێك بە تایبەت خاوەن پێداویستیە تایبەتیەكان وادەكات كە ئەو كەسە دووربكەوێتەوە لە كۆمەڵگا و گۆشە گیر بێت بكەوێتە بارودۆخێكی دەرونی خراپ، ئەمەش وا دەكات كەلە ژیانی ڕۆژانەی بە شێوەیەكی دیار ڕەنگ بداتەوە، ئەمەش ئەگەر زوو چارەنەكرێت بۆ ماوەیەكی زۆر درێژ لەگەڵی دەمێنێتەوە، بەداخەوە كۆمەڵگای ئێمە بە تایبەت گەرەكە میللی یەكان زیاتر تاكەكانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەكان دووچاری ڕەشبینی دەكەن بە هۆی مامەڵە كردنی خراپ لەگەڵیان كە زۆربەی جار والەم كەسە دەكەن كەباوەری بە خۆی نەمێنێ دووبكەوێتەوە لەناو خەڵك هەست بەكەم و كورتی بكات لە كەسایەتی خۆی بەتایبەتی ئەوانەی كەلە ڕووی جەستەییەوە كەم و كوریان هەبێت، بێ گومان ئەمیش وا دەكات كە ئەو كەسە دووبكەوێتەوە لە خەڵك هاوڕێ بۆ خۆی پەیدانەكات، نەچێتە قوتابخانە زۆر بەدوای ڕۆژ زیاتر تووشی خەمۆكی و بارودۆخی دەرونی خراپ بێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو كۆمەڵگا و دەوروبەر تەنانەت خودی خێزانەكەی كەلەگەڵی دەژین ڕێزیان لێگرت گوێیان لە قسەكانی گرت هەستیان زامدار نەكرد بارودۆخێكی لەباریان بۆ ڕەخساند لەهەموو ڕوویەكەوە ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئەو كەسە متمانەی بە خۆی هەبێت لە هەموو ڕوویەكەوە پێشكەوێت .. داهێنان ئەنجام بدات شان بەشانی خەڵكانی تر كاربكات هەروەكو ئەوان بچێتە هەمو شوێنێك باوەڕی تەواوی بەخۆی هەبێت. دوا ووتەم ئەوەیە پێویستە كۆمەڵگای ئێمەش بە چاوێكی بەرز سەیری خاوەن پێداویستە تایبەتیەكان بكات ڕێز لە هەست و نەستیان بگرن گاڵتەیان پێ نەكرێت بەتایبەت منداڵەكانیان ئامۆژگاریان بكەن كە ئەمانەش وەكو ئەوان مرۆڤن هیچ جیاوازیەكیان ئەوتۆیان نیە بگرە زۆر جار كاری ئەوان زۆر ڕێكترە لە مرۆڤێكی ئاسایی.